کاوە جلال

# تیۆریی وێنە لای هوسەرل

## پێشەکی

وێنە هەمیشە لەنێو هۆش و ژیانی دەرەکیی مرۆڤدا ئامادەیە، وەک وێنەی ئەندێشەیی، ئەدەبی، وێنەی دروستکراوی دیمەن، کورسی، پۆرترێ و هتد. ئایا ئەم بوونەوەرە تایبەتییە چییە و بەچیدا لە بوونەوەرە دروستکراوەکانی وەک مێز و خانوو جیادەبێتەوە؟

"بەگشتی" لە ناوچەی کولتووریی ئێمەدا وا باوە کە مرۆ لە وێنەدا (جا وێنەی خۆیی یان شێوەسازی و ئەدەبی بێت) هێمایەک بۆ شتێک دەبینێت، لێرەشدا لە ترادیسیۆنەوە هەڵوێستی خوێندنەوە یان لێچواندن (شوبهاندن) وەردەگرێت، بەڵێ تەنانەت پەرچەکرداری ئایینی یان پسیکۆلۆژیانە ئاڕاستەی وێنە دەکات. ئایا ئەم جۆرە هەڵوێستانە پێویستن؟ ئایا پەرچەکرداری جیهانبینیانە دژی داڕشتنێک لە تابلۆدا، یان لە فۆتۆگرافی و رۆماندا، زیادە نییە؟

ئێمە لەم پرسیارانەوە دەگەین بە مەبەستی ئەم توێژینەوەیە لەبارەی تیۆریی فێنۆمێنۆلۆژیانەی وێنە کە ئێدموند هوسەرل [1] گۆڕانی پێدا. لێ سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە ئێمە ناتوانین لەم توێژینەوەیەدا 'ڕاستەوخۆ' وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوە، چونکە توێژینەوەکە، لە ڕووی مێتۆدییەوە، شرۆڤەیەکی فێنۆمێنۆلۆژیانەی تیۆریی وێنەیە لای هوسەرل، توێژینەوەیەکی بەم چەشنەش کە فەلسەفەییە، دەشێت تەنیا بناغەیەک بۆ وەڵامی زانستی هونەریانەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە پێکبهێنێت. پابەند بە مەبەستی توێژینەوەکەوە دەتوانین ببێژین کە ئەم کارە هەوڵێکی تیۆریانەیە بۆ ئازادکردنی وێنە لە کۆتی هێما. وێنە بە دیدی هوسەرل دەبینرێت نەک ئاگاییەک بیخوێنێتەوە. بینین و خەریکبوون لەتەک ئەوەدا کە دەبینرێت، دەشێت هەڵوێستی راڤەکارانەی وێنە یان نرخاندنی وێنە لە ئیدیۆلۆژییەوە (جا ئایینی بێت یان جیهانی) بخەنە ژێر پرسیارەوە. کەواتە پرسیارەکە جارێ ئەوەیە کە پێشکاریی تیۆریانە بکرێت بۆ ئەوەی "کاری هونەری" وەک جیهانێکی تایبەتیی جیاواز لە ریالێتیی کۆمەڵایەتی ببینرێت، جیهانێک کە بەبێ پابەندکردنی بە ریالێتییەوە بتوانێت پاڵهێز بە مرۆڤ بدات بۆ ئاوەڵاکردنی هزرینی ئێستێتیکی.

**رێبەری**

هوسەرل لە تێگەی مەبەستەکێتییەوە (Intentionalität) گۆڕان دەدات بە تیۆرییەکی فێنۆمێنۆلۆژیانەی وێنە. لەم روانگەیەوە وێنە لاسایی فۆرمە ئەزەلییەکان نیە، دانەوەی ئۆبژێکتەکانی نێو فەزا نییە، بەڵکو وێنە لە ئاگایی مەبەستەکییەوە وەک پێکهێنان (ترکیب/ Synthesis) شیاوی دیاریکردنە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا بە ناونیشانی "فێنۆمێنۆلۆژیی هوسەرل" هەوڵ دەدەین مێتۆدی هزرینی فێنۆمێنۆلۆژیانە ڕوون بکەینەوە، تاکو لێرەوە لە پرسی هاتنەئارای وێنە نزیکبکەوینەوە. کلیلی فێنۆمێنۆلۆژیی هوسەرل بریتییە لە ئاگایی مەبەستەکی، واتا: ئاگایی هەمیشە شتئاگاییە، بێگومان بەبێ ئەوەی شت کە لەنێو فەزادایە، هاتبێتە نێو ئاگاییەوە، بە پێچەوانەوە، ئاگایی خۆی هەمیشە شتێکی وەک هاوبەند (Korrelat) لەخۆگرتووە. هوسەرل لە موئایەشەی مەبەستەکیانەی کەسییەوە (ʻمنʻی ئەمپیریەوە) (Erlebnisse) کە کەس لەنێو ژینجیهاندا (Lebenswelt) پێش ئاگایی فەلسەفەیی هەیەتی، هەنگاو دەنێت بۆ شرۆڤەی وەسفکەرانەی ئاگایی. تەوەری یەکەم بە ناونیشانی "هەڵوێستی سروشتی" ڕوودەکاتە موئایەشەی ژینجیهانیانەی تاکەکەس. جیهان کە بە شت و ڕەوشەکانی نێوییەوە لە دەرەوەی دەرککردن هەیە، جیهانێکی ترانسسێندێنتە، واتا هەرگیز سەرجەمییانە یان تەواو ئاشکرا بە سەبژێکت نەدراوە، بۆیە نەشیاوە سەبژێکت بتوانێت بەتەواوی لەبارەی ئەو جیهانە بزانێت و بڕیاری بەسەردا بدات. لێ لەبەر ئەوەی ئاگایی هەمیشە شتئاگاییە، ئەوا ئەرکی سەرەکیی سەبژێکت ئەوەیە کە لە ئاگایی مەبەستەکیی خۆی بتوێژێتەوە بۆ ئەوەی بە مەئریفەی ڕوون و ئاشکرای ئەو شتە بگات کە وەک ئۆبژێکتێتییەکی هاوبەند لەنێو ئاگایی ئەودا دراوە. مێتۆدی ئەم توێژینەوەیەی ئاگایی بریتییە لە ئێپۆخێ (Epoché)، واتا خۆبەدوورگرتن لە بڕیار کە لە دوو کورتکردنەوە ڕووەو کرۆک (Reduktion) پێکدێت. کاتێک سەبژێکت خۆی لە بڕیاردان بەسەر هەر دەرککردنێکی دەرەکیدا بەدووردەگرێت، ئیدی ئەو بەم ڕێیەوە هەڵوێستی سروشتی وەردەگۆڕێت بۆ "هەڵوێستی فێنۆمێنۆلۆژیانە" (تەوەری دووەم)، لەم ڕەوتەشدا دەرککردنی دەرەکی یان شتدەرککردن دەبێت بە دەرککردنی ناخەکی یان بە دەرککردن_دەرککراو. لێ ئێستا بە پەڕینەوەی سەبژێکت لە هەلوێستی سروشتییەوە بۆ هەڵوێستی فێنۆمێنۆلۆژیانە ʻمنʻی

ترانسسێندێنتال کارایی وەردەگرێت کە لێوەی ئاگایی ترانسسێندێنتال (نۆئێزیس / Noesis) پێکەوە لەتەک هاوبەندە ترانسسێندێنتالەکەیدا (نۆئێما / Noema) پەخشدەبنەوە. گەر لە هەڵوێستی سروشتییەوە بڕوانین، ئەوا دەبینین کە مرۆ دەتوانێت هەتا بێدوایەکی لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئاگایی شتێکی هەبێت، واتا بۆ نموونە لێی بڕوانێت و لە هەر ڕوانگەیەکەوە ناوەرۆکێکی جودای ئەو بابەتەی هەیە، لێ ئەو لەم دۆخەدا جارێ لەنێو موئایەشەکەیدایە، بۆیە نازانێت کە ئەو لە هەر ڕوانگەیەکەوە ناوەرۆکێکی تایبەتیی بابەتەکەی لەنێو ئاگاییدا هەیە. کەواتە ئێمە لە هەڵوێستی سروشتیدا جارێ ئۆبژێکتمان نییە، بەڵکو دوای ئەوە کە سەبژێکت هەڵوێستێکی ئاگامەندانە / فێنۆمێنۆلۆژیانە بەرانبەر دەرککراو وەردەگرێت، ئیدی ئۆبژێکت دێتەگۆڕێ، لێرەشدا سەبژێکت بۆی دەردەکەوێت کە ناوەرۆکگەلی ئەو بابەتەی لە ئاگاییدا هەیە. هوسەرل ئەم ئاگاییە کە ئێستا سەرباری ناوەرۆکە جیاوازە موئایەشەکراوەکان لە خودی هەمان بابەت بەئاگایە، بە واتایەکی دی: هێشتا هەر دەرککەرانە هەمان بابەت دیاریدەکات، ناودەنێت ئاگایی پێکهێنەری بابەت کە ئاگاییەکی هەمەکییە و لەبەر ئەم هۆیە "زۆرترە" لە کۆی ئەو شئورانە کە ئاگاییەکە خۆی پێکیاندەهێنێت. هەر ناوەرۆکێکی ئاگایی دەشێت بە شێوازی جیا لێیبڕوانرێت: ناوەرۆکەکە دەشێت تەنیا وەک دەرککردن بکرێت بە بابەتی لێتوێژینەوە، لێ دەشێت وەک یادەوەری یان وێنە و هتد وەربگیرێت. هوسەرل جەخت دەکات کە بەبێ ئەم ساتە هەمەکییەی (سەرجەمییەی) پێکهێنان هیچ ئاگاییەکی بابەت نابێت. لەم ڕوانگەیەوە ئاگایی وێنە بریتییە لە پێکهێنانێکی وێنەخەرەوە.

لە بەشی دووەمدا بە ناونیشانی "بناغەڕشتنی وێنەئاگایی" ڕوو دەکەینە پرسی وێنەیەتی (Bildlichkeit) لای هوسەرل. تەوەری یەکەم بە ناونیشانی "ئاگایی وێنەیەتی" پیشانی دەدات کە وێنەیەتی لای هوسەرل ژانرێکی وێناکردنە (Imagination). لێ ئێمە پێویستە لەم پەیوەندییەدا جیاوازی بکەین لە نێوان وێنەی هۆشەکی و فیزیکیدا. بڕگەی یەکەم بە ناونیشانی "وێنەی هۆشەکی"، بڕگەی دووەم بە ناونیشانی "وێنەی فیزیکی"، بەم کێشەیەوە خەریک دەبن. پابەند بە وێنەی هۆشەکییەوە دەتوانین ببێژین: گەرچی ئەندێشە (Phantasie) وێنەییە، لێ "وێنەیەتی" تەنیا بەڕێی ئاگاییەکی تایبەتیەوە دێتەئاراوە کە هوسەرل ناوی دەنێت "ئاگایی وێنەیەتی". هوسەرل پەیوەند بە

وێنەی فیزیکییەوە سەرەتا سێ تێگە دەچەسپێنێت کە بریتین لە وێنەهەڵگر (Bildträger)، وێنەئۆبژێکت (Bildobjekt) و وێنەسوژێ (Bildsujet). وێنەهەڵگر بریتییە لە کەرەسەی داڕشتن، وەک کاغەز، خام، تەختە و هتد. کاتێک ئێمە دەبێژین: "وێنەکە دڕاوە" یان "وێنەکە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە"، ئەوا مەبەستمان لە وێنەهەڵگرە. وێنەسوژێ بابەتی ڕیالی دەرەکییە کە لە وێنەدا دەدرێتەوە بەبێ ئەوەی هەرگیز دیاربدات. لێ وێنەئۆبژێکت دانەوەی وێنەسوژێیە لەنێو وێنەدا و بۆ نموونە لە تابلۆدا بەڕێی ڕەنگ و فۆرماندنی تایبەتییەوە دیاردەدات، کەواتە ئەوە وێنەئۆبژێکتە کە مرۆڤ دەرکی دەکات. پاشان لە تەوەری دووەمدا بە ناونیشانی "هاوشێوەیی لەنێوان وێنەی هۆشەکی و فیزیکیدا" دەبینین، گەرچی ئەم دوو جۆرەی وێنە شیاوی جیاکردنەوەن لە یەکتری، سەرەڕای ئەوە لایەنێکی هاوبەشیان هەیە: بۆ سەرهەڵدانی وێنەی فیزیکی پێویستە بابەتێکی دەرەکی وەک پێشمەرج هەبێت کە پاشان دوای دەرککردنی شیمانەیەک بۆ سەرهەڵدانی وێنەیەکی هۆشەکی دێتەگۆڕێ، هەروەها لە ڕەوشی وێنەی هۆشەکیدا وێنەیەکی هۆشەکی لەگۆڕێیە بەبێ ئەوەی بەند بێت بە بابەتێکی فیزیکییەوە وەک وروژێنەر، لێ وێنەی هۆشەکی لە ڕەوشی هەردووکیاندا وێنەیە و سوژێیەک پیشان دەدات، لە ڕەوشی هەردووکیاندا ئاگاییەکی وێنەخەرەوە، پێکهێنەر، دێتە پاڵ ئاوێتەی شئورەکان و ناوەرۆکەکانیان دەخاتە پەیوەندییەکی بابەتییەوە. ئێمە لێرەوە دەرفەتمان بۆ دەرەخسێت ڕووبکەینە هەموو جۆرەکانی وێنە: شێوەسازی، فۆتۆگرافی، ئەدەبی، وێنەی بزۆک (سینەما). لێ لە هاتنەئارای وێنەئاگاییدا دوو پێکهێنان کاران کە لەنێو یەکتریدان و وێنەئۆبژێکت و وێنەسوژێ پێکدەهێنن. لە تەوەری سێیەمدا بە ناونیشانی "وێنەئاگایی وەک یەکێتیی دوو پێکهێنان" ئەم پەیوەندییە ڕوون دەکەینەوە. لەم ڕەوشەدا کە دوو پێکهێنان کاران، پێکهێنانی وێنەئۆبژێکت دەبێت بە بناغەیەک بۆ پێکهێنانی وێنەسوژێ، لێ گەر لە ڕووی مەبەستی (فینالێتیی) ئاگاییەوە بڕوانین، ئێستا پەیوەندییەکە ئاوەژوو دەبێتەوە، چونکە لەم ڕووەوە وێنەئۆبژێکت لەژێر ڕکێفی وێنەسوژێدایە. بەکورتی، وێنەئاگایی بریتییە لە یەکایەتیی دوو پێکهێنان، لێ یەکایەتییەک کە ئیدێنتیتێ (شوناس) نییە، بەڵکو یەکایەتییەکی ئاپۆرییە (بێ ڕێگەچارەیە) و هوسەرل ناوی دەنێت وێنەدانەوەی ناخەکی (immanente Repräsentation).

لە بەشی سێیەمدا بە ناونیشانی "ڕێپرەزەنتاسیۆن لە وێنەدا" ڕوو دەکەینە دیدی هوسەرل بۆ وێنە وەک فۆرمێکی ئاپۆریانەی یەکایەتی کە بەسەر خۆیدا ئاماژە بۆ شتی دی نادات، بەڵکو بۆ خودی خۆی. لێ بۆ ئەوەی وێنەخستنەوەی ناخەکی هەردەم ڕوانینێکی هەقیقی بێت، واتا هەردەم بەدیبێت، ئەوا پێویستە پتر بگۆڕرێت و بکرێت بە ڕوانینێکی ئێستێتیکی لە وێنە. هوسەرل بە ڕەخنە لە تیۆریی هێما گۆڕان دەدات بە پرسی ڕوانینی ئێستێتیکی. لە تەوەری یەکەمدا بە ناونیشانی "ڕەخنەی تیۆریی ڕێپرەزەنتاسیۆن" پیشانی دەدەین، کە لای هوسەرل تەنیا وێنەدانەوەی ناخەکی ڕۆڵێک بۆ ڕوانینی ئێستێتیکی لە وێنە دەگێڕێت، کەواتە هوسەرل وێنەئاگاییەک کە بەسەر خۆیدا ئاماژە بۆ شتی دی بدات، بە ئاگاییەکی ئێستێتیکی دانانێت. تیۆریی هێما پەیوەندییەکی ڕێژەیی لە نێوان دوو تەوەرەدا وەردەگرێت و هەردووکیان بەڕێی هێماوە پەیوەندی بە یەکترییەوە دەکەن، لێرەشدا ئۆبژێکتی دیاردەر چواندنی بۆ خۆی نییە، بەڵکو چواندنی بۆ شتێکی دی هەیە کە گۆیا هاوشێوەیەتی یان لە خۆی دەچێت. هوسەرل لەدژی ئەم تیۆرییە کە وێنە دەخوێنێتەوە یان ڕاڤە دەکات، جەخت لە ساتی بینین دەکات لە لایەن لێڕوانەرەوە، لێرەشدا بێگومان بەبێ ئەوەی لێڕوانراو بەڕێی بینینییەوە ببێت بە هێما. پاشان تەوەری دووەم بە ناونیشانی "وێنەئاگایی ئێستێتیکی" پیشانی دەدات، کە ڕوانینی ئێستێتیکی لە وێنە تەنیا ڕوودەکاتە شێوازی بەوێنەکردن (Verbildlichung)، لێرەشدا بەردەوام بۆ لای وێنەئۆبژێکت دەگەڕێتەوە. ڕوانینی ئێستێتیکی لە وێنە ڕوانینێکی هەمەکییە.

تیۆریی وێنە لای هوسەرل پرسیارێک سەبارەت بە "ئەزموونی ئێستێتیکی" دەخاتەوە (بەشی چوارەم). ئەم کێشەیە ڕوودەکاتە پرسی وەرگرتن (Rezeption) و توێژینەوە لە هونەر. بە دیدی هوسەرل هونەر جیهانی ئەندێشەی فۆرمێنراوە، بریتییە لە هونەری ئێستێتیکیی پەتی، بەمەش تێزی هونەر وەک لاسایی ڕەتدەکاتەوە. ئەرکی هونەر ئەوەیە کە دۆخە ناخەکییەکانی وەرگر (Rezipient) بەرزبکاتەوە بۆ نێو کایەی جوانیی ئێستێتیکی، وەرگر (توێژەر) بخاتە نێو دۆخی ڕوانینی یان پێشبینیکردنی ئێستێتیکیی پەتییەوە، لێ وەرگر بۆ ئەوەی بەم ئەزموونە بگات، گەرەکە هەڵوێستی سروشتیی خۆی لەکاربخات تاکو هەر دیاردەیەکی لێڕوانراو یان پێشبینیکراو بەڕوونی ببینێت. هونەر

لەم روانگەیەوە هیچ گرنگییەکی پراکتیکیی نییە، نەخێر، مەسەلەکە لای هوسەرل تەنیا ڕوودەکاتە بینینی وێنە و وەسفکردنی.

## 1- فێنۆمێنۆلۆژیی هوسەرل

بە تێڕوانینی هوسەرل تەنیا فەلسەفەی فێنۆمێنۆلۆژیانە پێیدەکرێت بە بنەماکانی زانستێکی بێکەلێن بگونجێت، چونکە فێنۆمێنۆلۆژی خۆی بەدووردەگرێت لە پێشبڕیار (بڕیاری پێشوەخت) بەسەر جیهاندا. ئاخر جیهان ترانسسێندێتە، واتا سەبژێکتی زانست هەرگیز ناتوانێت بەتەواوی لەبارەی جیهان بزانێت و بڕیاری بەسەردا بدات. سەبژێکت هەر بڕیارێک لە هەڵوێستی ژینجیهانیانەی خۆیەوە بدات، لە بنەڕەتدا بڕیار نییە، بەڵکو پێشبڕیاری مێتافیزیکییە. لێ سەرباری ئەم راستییە هیچ کێشەیەکی توێژینەوە بۆ سەبژێکت چێنابێت، چونکە ئاگایی ئەو هەمیشە شتئاگاییە، کەواتە ئاگایی لە سەرجەم شێوە جیاکانیدا شت و رەوشەکانی لەخۆگرتووە، بۆیە ئەوەندە بەسە کە سەبژێکتی هزرڤان لە ئاگایی مەبەستەکیی خۆی بتوێژێتەوە تاکو بەم رێیەوە بە مەئریفەی ڕوون و ئاشکرای ئەو شتە بگات کە هاوبەندی ئاگاییەتی.

لێ فێنۆمێنۆلۆژی، وەک مێتۆدێکی هزرین، یان ڕوونتر ببێژین، وەک هەر هزرینێکی مێتۆدی، بنەمایەکی رەهای بۆ ئاوەڵابوون پێویستە، ئەم بنەمایەش بریتییە لە لۆگیکی پەتی. مرۆ تەنیا کاتێک دەبێت بە سەبژێکتی زانست، گەر سەرەتا بە شێوەیەکی فێنۆمێنۆلۆژیانە لە لۆگیکی پەتی بتوێژێتەوە، ئەو گەرەکە "ڕوون و ئاشکراییەکی" مەئریفەیی بە "ئیدێ لۆگیکییەکان، بە تێگە و یاساکانی لۆگیک"ی پەتی بدات [2]. مێتۆدی ئێپۆخێ (Époche)، واتا خۆبەدوورگرتن لە بڕیار کە لە دوو کورتکردنەوە ڕووەو کرۆک (Reduktion) پێکدێت، گەرەکە سەبژێکت ڕووەو ئەم ئامانجە بەرێت. بەکورتی مێتۆدی خۆبەدوورگرتن لە بڕیار تاکە رێگەی توێژینەوەی فێنۆمێنۆلۆژیانەیە لە هەر بوارێکدا.

کەواتە هوسەرل جیاوازی لە نێوان شێوازی جیای هەڵوێستوەرگرتندا دەکات، بە واتایەکی دی، لەپاڵ هەڵوێستی سروشتی یان ئاسایی ڕۆژانەدا، هەڵوێستی فەلسەفەیی هەیە کە هەڵوێستوەرگرتنێکی فێنۆمێنۆلۆژیانەیە. سەبژێکت گەرەکە بە مێتۆدی خۆبەدوورگرتن لە بڕیار هەڵوێستی سروشتی لەکاربخات، بەمەش بپەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی فێنۆمێنۆلۆژیانە و لە ئاگایی مەبەستەکیی خۆی بتوێژێتەوە، تاکو بەم ڕێیەوە بگات بە ئاگایی فەلسەفەیی.

## 1.1- هەڵوێستی سروشتی

تێگەی ئاگایی مەبەستەکی (Intentionalität) بریتییە لە کلیلی فێنۆمێنۆلۆژیی هوسەرل. ئاگایی مەبەستەکی ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە ئاگایی هەمیشە ئاگایی شتێکە، هەمیشە شتێک وەک مەبەست هاوبەندێتی. ئەم بنەمایە چواندنی بۆ هەموو شێوەکانی ئاگایی هەیە: "لە دەرککردندا شتێک دەرکپێدەکرێت، لە پێشبینیی وێنەدا شتێک وێنەییانە پێشبینی دەکرێت، لە گۆزارەدا شتێک دەردەبڕرێت، لە خۆشەویستیدا شتێک خۆشدەویسترێت، (...) لە حەزدا شتێک حەزلێدەکرێت و هتد" [3]. لێ ئەم شتە کە هاوبەندی ئاگاییە، بوونەوەرێکی نێو فەزا / ڕاوم (Raum) نییە و هاتبێتە نێو ئاگاییەوە [4]، واتا پەیوەندییەک لە نێوان ئاگایی و شتەکەدا نییە. تێگەی مەبەستەکێتی لای هوسەرل تەنیا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هەموو موئایەشەیەکی خۆیی "کردارێکی ئۆبژێکتخەرەوەیە" (متموضع/ objektivierend)[5].

کەواتە مرۆ لە هەڵوێستی سروشتیدا بەئاگایە لە شتەکانی نێو فەزا، هێندە نەبێت کە ئەو وەک ئۆبژێکت وەریانناگرێت، بەڵکو لەنێو دەرککردنی دەرەکیانەی جیهان و ڕەوشەکانیدا قاڵبووە. لێ گەرچی جیهان و شتەکانی نێوی "لە دەرەوە"ی دەرککردنن، واتا ترانسسێندێنتن بە ئاگایی (بە دەرککردن) و بەمەش نەشیاوە سەبژێکت بتوانێت بەتەواوی لەبارەیان بزانێت، هێشتا هەر دەرککردنی دەرەکی کە پێش هەڵوێستی فەلسەفەیی هەیە، بریتییە لەو موئایەشەیە کە تێیدا هەقیقەتی

ترانسسێندێنت ڕاستەوخۆ، واتا بەبێ گەیاندن (Vermittlung)، دیارە، یان "بابەتەکە لە دەرککردندا وەک بابەتی ئامادە (...) لە ئێستای هەنووکەییدا لێرەیە" [6]. لێ دوای ئەوە کە سەبژێکت بە مێتۆدی خۆبەدوورگرتن لە بڕیار دەپەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی فێنۆمێنۆلۆژیانە، ئیدی کەرەسە دراوەکانی کردارێکی دەرککردن دەبن بە ئاگالێبووی بابەتی، واتا ئەو دوای ئەم پەڕینەوەیە چیدی خۆی لەنێو موئایەشەکانیدا نابینێتەوە، بەڵکو ڕەچاوی کرۆکی موئایەشەکانی دەکات و ئەوجا هەنگاو دەنێت بۆ دیاریکردنی وسفکەرانەی کرۆکیان.

## 1.2- هەڵوێستی فێنۆمێنۆلۆژیانە

هەڵوێستی سروشتی بە خۆبەدوورگرتن لە بڕیار وەردەچەرخێت بۆ هەڵوێستێکی فێنۆمێنۆلۆژیانە کە کایەیەکی ترانسسێندێنتالی خۆییە و تێیدا ئاگایی-ئاگالێبووی (دەرککردن-دەرککراوی) ترانسسێندێنتال پێکەوە هاتوونەتە ئاراوە و نەک لە من-ی ئەمپیرییەوە، بەڵکو لە منی ترانسسێندێنتالەوە 'پەخش دەبنەوە': ئێستا ڕوانین لە درەختێک کە درەختڕوانینە، دەبێت بە دەرککردنی ترانسسێندێنتالی ئەو درەختە. ئێمە بەم شێوەیە دەگەین بە "خودی دەرککراو (...) کە (...) دەتوانین بە گۆزارەی وەک 'شتی ئەستوویی'، 'ڕووەک'، 'درەخت'، 'گەشاوە' و هتد دەریببڕین. (...) خودی درەختەکە کە شتێکی نێو سروشتە، هیچی دیکە نییە جگە لەم درەختدەرککراوە کە وەک مەغزا هاوبەندی دەرککردنەکەیە. لێ کاتێک درەختەکەی نێو سروشت ئەدگاری ڕیالی هەیە، ئەوا مەغزای دەرککردن بەدەرە لە هەر ئەدگارێکی ریال" [7].

لەم جێیەدا پێویستە ڕووبکەینە تێگەیەکی کرۆکی لە فێنۆمێنۆلۆژیی هوسەرلدا: تێگەی "داپۆشین" (Abschattung). گەر ئێمە ڕوانین بە نموونە وەربگرین، ئەوا مرۆ لەم ڕەوشەدا دەتوانێت هەتا بێدوایەکی لە ڕوانگەی جیاوازەوە لە هەر لاڕوویەکی بابەتێک بڕوانێت، لێ هەر ڕوانگەیەکی وەرگیراو لاڕووەکانی دیکەی بابەتەکە دادەپۆشێت. کەواتە شتی دەرککراو وەک "لاڕوو" (Seitenansicht)، واتا

پێرسپێکتیڤییانه، لەنێو ئاگاییدا دیاردەدات. ئێمە هەرگیز ناتوانین ڕوانگەیەکی کامیلمان بۆ شتەکان هەبێت، کەواتە هەرگیز ناتوانین بەتەواوی دەرک بە بابەتێک بکەین، چونکە هەرگیز شتەکان سەرجەمییانە بە ئێمە نەدراون، بەڵکو لە لاڕووەوە خۆیان پیشانی ئێمە دەدەن. لێ گەرچی شتەکان لە لاڕووەوە دەرکدەکرێن، سەرەڕای ئەمە هوسەرل جەخت دەکات کە ئێمە لەم دەرککردنەدا مەبەستمان لە هەمان شتە وەک سەرجەم.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ موئایەشەکردن لە هەڵوێستی سروشتیدا. ڕوانین لە شتێک (درەختێک) شێوەیەکی دەرککردنە لە هەڵوێستی سروشتیدا، لێ مرۆ لێرەدا دەرککردنەکەی خۆی نابینێت. ئەو لەم ڕوانینەدا ناوەرۆکێکی ئاگایی هەیە، لێ گەر لە لایەکی دیکەوە لەو درەختە بڕوانێت، ئەوا ئاگایی ئەو ناوەرۆکێکی نوێی درەختەکەی لەخۆگرتووە و هتد. گەر ئەو پاشان لە هەڵوێستی فێنۆمێنۆلۆژیانەدا ڕوو بکاتە درەختی دەرککراو، ئەوا ئێستا ناوەرۆکە دەرککراوەکە وەک دیاردەی بابەتە مەبەستلێبووەکە وەردەگرێت، لێرەشدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو ناوەرۆکگەلی خودی بابەتەکەی لە ئاگاییدا هەیە. ئەم ئاگاییە کە سەربارى ناوەرۆکە جیاوازە موئایەشەکراوەکان هێشتا هەر دەرککەرانە ڕوو لە هەمان بابەت دەکات، یان مەبەستی ئەو هەمان بابەتە، هاوشێوەی "کۆی شئورەکان (کە بەو بابەتە دەکرێن) لەنێو دەرککردندایە". هوسەرل ئەم ئاگاییە مەبەستبووە لە خودی هەمان بابەت ناو دەنێت (Auffassung) [8] لە واتای "پێکهێنان"دا (Synthesis). لێ ئەم ئاگاییە نوێیە کە ڕوویکردۆتە شئورەکان یان دەرککردنی لاڕووەکان، "زۆرترە" لە کۆی شئورەکان بەو بابەتە: "هیچ پێکهێنانێکی بابەت ڕێنادات بگەڕێنرێتەوە بۆ کۆی ئەو شئورانە کە بە بابەتەکەوە بەندن یان شیاوی بەندکردنن بە ئەوەوە. بەبێ ساتە سەرجەمییەکەی پێکهێنان هیچ ئاگاییەکی بابەت نابێت" [9]. کەواتە هوسەرل لێرەدا جەخت لە تێزەکەی تیۆریی گێشتالت دەکات کە سەرجەمی بابەتێک (بۆ نموونە فۆرمی خانوویەک) وەک زۆرتر لە کۆی کەرتەکانی ئەو بابەتە (بۆ نموونە دیوار، دەرگا، پەنجەرە، ڕووپۆش و هتد) دادەنێت. گرنگ بۆ ئەم پەیوەندییەی ئێرە ئەوەیە کە مەبەستەکێتی لە ڕەوشی پێکهێنانیشدا کارایە، لێ هێندە نەبێت کە ئێستا پێکهێنان تەنیا پەیوەند بە ناوەرۆکە دراوەکانی نێو ئاگاییەوە مەبەستەکییە. کاتێک هوسەرل شرۆڤەی فێنۆمێنۆلۆژییانە ئەنجام دەدات، ئەوا لە لایەک

ئاگایی مەبەستەکی لە ناوەرۆکە دراوەکانی ئاگایی جیادەکاتەوە، ئەوجا لە لایەکی دی بە تێگەی پێکهێنان جەخت لە پێکەوەبوونی ناوەرۆکەکان دەکات، لێ وەک گۆتمان ئەمە کۆکردنەوەی ناوەرۆکەکان نییە، چونکە بابەتی پێکهێنراو بریتی نییە لە کۆی شئورەکان، بەڵکو هەمەکێتییەکی زۆرترە لە ئەوان. لەم ڕوانگەیەوە پێکهێنان کردارێکی ئاگامەندانەی ئۆتۆنۆمە و ڕوویکردۆتە ناوەرۆکی شئورەکان، هەروەها بریتییە لە بناغەی "ئاگایی ئیدێنتیتێ کە لێرەبوونی بابەت بۆ من پێکدەهێنێت" [10]. بەکورتی: من لە دەرککردنی درەختێکدا تەنیا لاڕوویەکی دەبینم، تەنیا ناوەرۆکێکی ئەو درەختەم لە ئاگاییدا هەیە، لێ لەتەکیدا لاڕووە نادیارەکانی درەختەکەم پێدراون. هەموو داپۆشینێکی هەنووکەیی ئاماژە بۆ نادراوی (نادیاری) دیکە دەدات، بەمەش من ئاگایی هەمان بابەتم هەیە.

وەک گۆتمان، کاتێک سەبژێکت لە هەڵوێستی سروشتییەوە بۆ هەڵوێستی فێنۆمێنۆلۆژیانە دەپەڕێتەوە، ئەوا لەم هەنگاوەدا ئاگایی مەبەستەکیی جیهان لەکاردەخات، بەم ڕێیەشەوە بە کایەی ترانسسێندێنتالی خۆیی دەگات کە تێیدا ئاگایی ترانسسێندێنتال (نۆئێزیس) و هاوبەندە ترانسسێندێنتالەکەی (نۆئێم) دراون. نۆئێزیس کە چالاکییەکی ئاگاییە، لە منی ترانسسێندێنتالەوە دەپەخشێت و شئورگەلی ئاگایی پێکدەهێنێت، کەواتە لەنێو خۆیدا کەرەسەیەک (بابەتی دەرککراو) و پێکهێنانی ئەو کەرەسەیەی هەڵگرتووە، بە واتایەکی دی، چالاکییەکە ئەو کەرەسەیە پێکدەهێنێت و بەم ڕێیەوە نۆئێمی (مەغزای) جیاواز دەهێنێتە ئاراوە. مەغزاکان کە هاوبەندی هەر جۆرە چالاکییەکی ئاگایین، چیدی ناوەرۆکی ڕیال نین (واتا وەک ناوەرۆکە شئور پێکراوەکان نین)، بەڵکو مەبەستلێبووی ئیدیالن (هۆشەکین). جگە لەوە دەشێت هەر مەغزایەک بە شێوازی جیا هاوبەندی نۆئێزیس بێت، واتا هەمان بابەتێک کە وەک خودی خۆی پێکهێنراوە، دەشێت وەک دەرککردن، یادەوەری یان وێنە دیار بدات، و بکرێت بە پرسی پێوەخەریکبوون. لەم ڕوانگەیەوە ئاگایی وێنە بریتییە لە "پێکهێنانێکی وێنەخەرەوە" [11]. وێنە بریتییە لە هاوبەندێکی نۆئێمیی، یان بریتییە لە فێنۆمێن.

## 2- بناغەڕشتنی وێنەئاگایی

بە دیدی هوسەرل وێنە لاسایی فۆرمە/ئیدێ ئەزەلییەکان نییە، هەروەها دانەوەی یان پەرچاندنی ئۆبژێکتەکانی نێو فەزا نییە کە ئیدی بەم ڕێیەوە وێنەی ئۆبژێکتێک لەنێو ئاگاییدا بێت، بە پێچەوانەوە وێنە لە ئاگایی مەبەستەکییەوە شیاوی بناغەڕشتنە.

### 2.1- ئاگایی وێنەیەتی

وێنەیەتی (Bildlichkeit) جۆرێکی پێشبینییە کە بەڕێی وێنەئاگاییەوە دێتە ئاراوە. ئێمە دەتوانین ئەم ڕەوشە بە نموونەی وێنەی فیزیکی (تابلۆیەک) و وێنەی هۆشەکی (هەژدیهای سێسەر) ڕوونبکەینەوە. لەم روانگەیەوە وێنە لای هوسەرل تەنیا بابەتی دروستکراو نییە و لێڕوانەر بییەوێت بۆ نموونە بزانێت کە داخۆ دابەشاندنەکانی ڕەنگ لەسەر پارچە خامێک چی بن و چۆن فۆرمێنرابن.

#### 2.1.1- وێنەی هۆشەکی

بۆ ئەوەی لە تێڕوانینی هوسەرل سەبارەت بە وێنە نزیک بکەوینەوە، گونجاو دەبێت گەر لە جیاوازیی نێوان دەرککردن و ئەندێشە بڕوانین. لێ پێویستە سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە جیاوازییەکی کرۆکی لە نێوان گرنگیدانی فێنۆمێنۆلۆژی و پسیکۆلۆژیدا بە ئەندێشە هەیە. گەر ئێمە بە شێوەیەکی فێنۆمێنۆلۆژیانە لەتەک دیاردەی ئەندێشەدا خەریک ببین، ئەوا گرنگیدانمان ڕوو دەکاتە "ئەدگاری ناخەکیی ئەو موئایەشانە کە تەواو وەک خودی خۆیان لێیان ڕوانراوە"، بە واتایەکی دی، کرۆکی

ئەندێشە کێشەی فێنۆمێنۆلۆژیە [12]. لەم ڕوانگەیەوە فێنۆمێنۆلۆژی گرنگی بە دیاریکردنە پسیکۆلۆژییەکانی ئەندێشە نادات، بۆ نموونە ئەندێشە وەک توانستی هۆشەکی، وەک بەهرە و موئایەشەی هەنووکەیی کە لە توانستی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدەن.

دیاردەی ئەندێشە نزیکە لە دیاردەی دەرککردن، چونکە لە ڕەوشی هەردووکیاندا پێکهێنانی (Auffassung) ئۆبژێکتخەرەوە هەیە، جگە لەوە دەشێت لە ڕەوشی هەردووکیاندا هەمان بابەت بە هەمان تایبەتمەندییەوە ببێت بە دیاردە، لێ سەرباری ئەمە دەرککردن و ئەندێشە جیاوازن لە یەکتری. دەرککردن دەشێت دەرەکی یان ناخەکی بێت، واتا بریتی بێت لە دەرککردنی بابەتێکی ترانسسێندێنت وەک شتدەرککردن و دەرککردنی ناخەکی وەک دەرککردن-دەرککراو، لێ ئەندێشە بە پێچەوانەوە هەمیشە ناخەکییە. کەواتە دەرککردن و ئەندێشە لە دوو لایەندا جیاوازن لە یەکتری: "ئەو ناوەرۆکانە کە پێکدەهێنرێن، هەروەها جۆری پێکهێنانەکان" [13]. "ئەمانە جیاوازیی فێنۆمێنۆلۆژیانەن" [14].

جیاوازیی دەرککردن و ئەندێشە لە ڕووی ناوەرۆکی پێکهێنانەوە لەوەدایە کە شئور (Empfindung) بناغەی دەرککردنە، لێ وەهمی (Phantasma) سێنسی (مەحسوس) بناغەی ئەندێشەیە، هەروەها جۆری جیای پێکهێنان لەوەدایە کە لە دەرککردندا "بابەت وەک خودی خۆی، وەک ئامادە، دیاردەدات"؛ بێگومان لە ئەندێشەشدا بابەت دیاردەدات، "لێ نەک وەک بابەتی ئامادە، بەڵکو وەک هێنراو بۆ نێو ئامادە (vergegenwärtigt)؛ ئەو بە شێوەیەکە کە هەروەک ئامادە بێت، لێ سەرەڕای ئەوە لەنێو وێنەدا دیاردەدات" [15]. کەواتە مۆرکی ئەندێشە بریتییە لە "بەوێنەکردن (Verbildlichung)" [16].

ئێمە دەتوانین ئەم جیاوازییەی دەرککردن و ئەندێشە لە ڕووی ناوەرۆکی پێکهێنان و جۆری پێکهێنانەوە بە نموونەی دیمەنێک ڕوونبکەینەوە کە دەرکمان کردووە و لە هەڵوێستێکی فێنۆمێنۆلۆژیانەدا پێکیدەهێنین، لێ ئێمە هاوکات خۆمان دەتوانین لە ئەندێشەدا پێشبینیی هەمان دیمەن بکەین (vergegenwärtigen). لێرەدا بناغەی دەرککردن ڕوانینی مەبەستەکییە لە دیمەنەکە کە وەک خودی خۆی، وەک دەرککراو، پێکدەهێنرێت بۆ دەرککردن-دەرککراو، لێ ئێمە هەروەها دەتوانین ئەو دیمەنە لێڕوانراوە لە کاتی دیکەدا و لەنێو ئەندێشەی ئازاددا بهێنینە نێو ئامادەوە، واتا

پێشبینیی بکەین، لێرەشدا ئەوە وەهمە سێنسییەکانن (مەحسوسەکانن) کە وەک بناغەی بەوێنەکردنەکە کاران.

هێنانی بابەتێک بۆ نێو ئامادە، بە واتایەکی دی، پێشبینیکردنی وێنەیی بابەتێک، بریتییە لە وێناکردن (Imagination)، ئەمەش کردارێکە کە ئێمە لە سروشتی پرۆسەکەوە دەیزانین. لێ پرسیارەکە لە ڕووی فێنۆمێنۆلۆژییەوە ئەوەیە کە چۆن مرۆ بە ڕوون و ئاشکرایی بزانێت "وێنەیەتی (Bildlichkeit) بەڕێی ئاگاییەکی تایبەتییەوە مەغزایەکی هەیە". هوسەرل ئەم ئاگاییە تایبەتییە ناودەنێت ئاگایی وێنەیەتی. لەم ڕوانگەیەوە گەر لە پێشبینیکردندا ناوەڕۆکێک هەبێت و شێوەی لە شتێکی دی بچێت، ئەوا لێرەدا دیاریکردنی وێنەیەکمان نییە، چونکە "هاوشێوەیی (Ähnlichkeit) بەڕێی ئاگایی وێنەیەتییەوە دەبێت بە هاوشێوەیی" [17].

گەر ئێمە فێنۆمێنۆلۆژیانە بپرسین "وێنە چییە؟"، ئەوا ناچار دەبین جیاوازی لە نێوان وێنە و شت (Sache)دا بکەین، لێ ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت کە گۆیا شتێکی دەرەکی وێنەیەکی لەنێو ئاگاییدا خستبێتەوە، بە پێچەوانەوە شت ئەوەیە کە "ئاگایی وەک مەبەست لە خۆی گرتووە" [18]. کەواتە شت ئەو هاوبەندەی ئاگاییە کە لە فێنۆمێنۆلۆژیدا بەهەند وەردەگیرێت. بۆ نموونە گەر مرۆ پێشبینیی قەڵای شێروانە بکات، ئەوا لێرەدا قەڵای شێروانە مەبەستلێبووە. لێ ئێمە پێویستە لە خودی قەڵای شێروانە وێنەکە کە وێنەی ڕاستەقینەی قەڵای شێروانە نییە، جیابکەینەوە، چونکە وێنە شتەکە پیشان دەدات، لێ ئەو وێنەیە خودی شتە ریالەکە نییە. وێنەی قەڵای شێروانە لە واتایەکی تەواو جیاوازدا وەک شت دیاردەدات و لەتەک قەڵا ڕیالەدا یەکناگرێتەوە [19]. هوسەرل ئەم جۆرەی وێنە ناودەنێت وێنەی هۆشەکی.

**2.1.2- وێنەی فیزیکی**

وێنەی فیزیکی لە هەڵوێستی سروشتیی مرۆڤدا بەبێ کێشە دەرکدەکرێت، هەموو ساتە جیاوازەکانی وێنە لەنێو یەکێتییاندا وەردەگیرێن. لێ وێنەی فیزیکی دەبێت بە کێشە، گەر مرۆ زانستیانە لێی

بتوێژێتەوە. هوسەرل بەڕێی چەسپاندنی سێ تێگەوە وێنەی فیزیکی دەکات بە کێشەی توێژینەوەی فێنۆمێنۆلۆژیانە لە وێنە "بەگشتی"، ئەم تێگانەش بریتین لە: وێنەهەڵگر (Bildträger)، وێنەئۆبژێکت (Bildobjekt)، وێنەسوژێ (Bildsujet). ئەم سێ ساتەی وێنە لە هەڵوێستی سروشتیدا یەکترییان داپۆشیوە و وەک یەک دیار دەدەن.

وێنەهەڵگر، لە ڕەوشی تابلۆدا، بریتییە لەو کەرەسەیە کە لەسەری وێنەیەک دادەڕێژرێت، بۆ نموونە کاغەز، تەختە، خام و هتد. کاتێک ئێمە دەبێژین وێنەکە دڕاوە یان بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە، ئەوا مەبەستمان لە وێنەهەڵگرە. "بە هەر حاڵ وێنەهەڵگر 'سنووری هەیە. ئەو سنوورە وێنەکە لە دەوروبەری جیادەکاتەوە و دەرفەت بۆ ئەزموونکردنی یەکایەتیی وێنەکە دەڕەخسێنێت'" [20]. بۆ نموونە قەراغەکانی پارچەیەک تەختە یان چێوەیەک کە لە تەختەکە گیراوە، بریتین لەو سنوورە. وێنەهەڵگر پێشمەرجێکە بۆ دانەوەی وێنەیی وەک فێنۆمێنێکی دیاری پەتی، ئەمەش وێنەئۆبژێکتە وەک لایەنی دووەمی وێنە کە تەنیا بەڕێی بینینەوە پێمان دراوە: وێنەئۆبژێکت بەڕێی ڕەنگی تایبەتی و فۆرماندنی تایبەتییەوە ئاوها یان بە جۆرێکی دی دیاردەدات، کەواتە مۆرکی وێنەئۆبژێکت ئەوەیە کە ئەو 'دیار'ە، یان بابەتی دەرککردنە. وێنەئۆبژێکت وێنەدەری (Repräsentant) یان پیشاندەری وێنەسوژیە، واتا ئەو بابەتە ریالە کە وەک وێنە دەدرێتەوە. مۆرکی وێنەسوژێ ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک دیار نادات. "لە ڕووی تیۆریی وێنەوە جیاکردنەوەی وێنەهەڵگر، وێنەسوژێ و وێنەئۆبژێکت پێویستە، چونکە هاوشێوەیی دوو بابەت، کە گەر تەنانەت یەکجار زۆر بێت، (...) هێشتا هەر یەکێکیان ناکات بە وێنەی ئەویدیکەیان" [21]. لێ پێویستە پەیوەند بەم پۆلێنکردنەی وێنەی فیزیکییەوە لە لایەن هوسەرل ئاماژە بۆ ئەوە بدەین، کە هوسەرل نابێژێت گۆیا تێگەی وێنە "سیانەتییەک لەخۆدەگرێت، بە پێچەوانەوە، بەرانبەر شتی وێنەدراوە (وێنەسۆژێ) هەردوو ساتەکەی وێنەهەڵگر و وێنەئۆبژێکت هەن. هوسەرل ساتەکانی وێنەئۆبژێکت و وێنەسوژێ پێکەوەنالکێنێت و بییانکات بە 'وێنە'، ئەوجا لەم وێنەیە وێنەهەڵگر وەک ساتێکی دەرەکی جیابکاتەوە، بەڵکو ئەو لەم پۆلێنکردنەدا شوێن جیاوازیی نێوان ئامادەیی و پەنام (نائامادە) دەکەوێت، پاشان وێنەهەڵگر و وێنەئۆبژێکت پێکەوەدەلکێنێت و هەردووکیان بەو ڕێیەوە دەبن بە یەکێتییەکی دیاری ئامادە" [22].

جگە لەمە نائامادەیی وێنەئۆبژێکت بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەو "لێرە نییە"، بەڵکو وێنەئۆبژێکت نائامادەیە چونکە "هەبوونێکی ڕیالی نییە؛ ئەو 'لە ئامادەییەکی بێ هەنووکەدا' بۆ لێڕوانەر هەیە" [23].

ئێمە لە بنەڕەتدا واژەی وێنە چە بۆ وێنەهەڵگر و چە بۆ وێنەئۆبژێکت بەکاردەهێنین. لەبەر ئەوەی وێنەئۆبژێکت لەسەر وێنەهەڵگر دەردەکەوێت، ئەوا نەشیاوە لە یەکتری جیابکرێنەوە، لێ ئەوان نەک تەنیا لە ڕووی فێنۆمێنۆلۆژییەوە، بەڵکو هەروەها بە دەربڕینی سانای زارەکی، شیاوی جیاکردنەوەن لە یەکتری. بۆ نموونە کاتێک ئێمە وەسفی شێوازی داڕشتنی هونەری و کەرەسەی هەڵگری داڕشتنەکە دەکەین. یەکێتیی هەردووکیان بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت: "'وێنەی سەر دیوارەکە هەڵگەڕاوەتەوە'. بابەتی سەر دیوارەکە تەنیا دەشێت وێنەهەڵگر بێت، لێ ئەوە کە هەڵگەڕاوەتەوە، تەنیا دەشێت وێنەئۆبژێکت بێت" [24]. لەم ڕوانگەیەوە "ڕوانین لە وێنە گەیاندنێکە (Vermittlung) لە نێوان وێناکردن و دەرککردنی ئاگایی لێڕوانەردا. ڕوانین لە وێنە کردارێکی پێکهێنەرە"، لەم ڕەوتەشدا "ئاگایی لێڕوانەر" یان ڕوانینی ئەو بە شێوازێکی تایبەتی چالاک بووە و "پێویستی بە بەدیهاتن هەیە. وێنەئۆبژێکت لە نێوان بابەتی دەرککردن و وێناکردنی ئاگاییدایە و دەرفەت دەدات لە هەردوو کایەدا دابنرێت" [25].

## 2.2- هاوشێوەیی لە نێوان وێنەی هۆشەکی و فیزیکیدا

وێنەی هۆشەکی و فیزیکی سەرباری جیاوازیان لە یەکتری لایەنێکی هاوبەشیان هەیە: ئاشکرایە لە وێناکردنی فیزیکیدا بابەتێکی فیزیکی وەک پێشمەرج دادەنرێت و ئەو بابەتە کارایییەک بۆ هاتنەئارای وێنەیەکی هۆشەکی وەردەگرێت، هەروەها ئاشکرایە لە ڕەوشی وێناکردنی ئاساییدا وێنەیەکی هۆشەکی لەگۆڕێیە بەبێ ئەوەی بەند بێت بە بابەتێکی فیزیکییەوە وەک وروژێنەر (بۆ نموونە لە ئەفراندنی ئەدەبیدا). سەرەڕای ئەمە وێنەی هۆشەکی لە ڕەوشی هەردووکیاندا وێنەیە، وێنەی هۆشەکی لە ڕەوشی هەردووکیاندا بابەتێک (سوژێیەک) وێنەدەداتەوە.

به دیدی هوسەرل دەرککردنی سانا ناتوانێت هەروا ئاسان وێنەی هۆشەکی لەنێو ئاگاییدا چێبکات. سەرەتا لە ئەندێشەدا، یان دوای دەرککردنێک (بۆ نموونە ئەزموونی 'هەڵەبجە')، هیچ ئاگاییەکی وێنە لەگۆڕێ نییە. ئەوە کە سەرەتا هەیە، تەنیا ئاوێتەی وەهمەکانە وەک ناوەرۆکی سێنسی، یان شئورە لەتەک شئوری دیکەدا کە پێکەوە ئاوێتەیەکی نوێی شئور دەخەنەوە. ئێمە لەم دۆخەدا جارێ وێنەئاگاییمان نییە، بە پێچەوانەوە وێنەئاگایی دێتە ئاراوە، گەر ئاگاییەکی تایبەتی ئاوێتەی وەهمەکان یان شئورەکان پێکبهێنێت. لە هەردوو ڕەوشی وێنەی هۆشەکی و فیزیکیدا ئاگاییەکی وێنەخەرەوە، یان پێکهێنەر، دێتە پاڵ ئاوێتەی وەهمەکان یان شئورەکان و ناوەرۆکەکانیان دەخاتە نێو پەیوەندییەکی بابەتییەوە. ئێمە لێرەدا دەگەین بە تێڕوانینی بنەمایی هوسەرل سەبارەت بە ئەدگاری پێکهێنان. هوسەرل جەخت دەکات کە بەم پێکهێنانە پێشبینیی شتێک دەکرێت، لێ ئەو شتە پێشبینیکراوە خودی شتەکە نییە، بەڵکو بەو ڕێیەوە تەنیا شتێک کراوە بە مەبەست. بۆ نموونە لە وێنەی فیزیکیدا "شێرێکی وێنەکێشراو دیاردەدات، لێ شێرێکە کە نییە، بەڵکو شتێکی ڕاستەقینە، واتا شێرێکی تایبەتی، وێنەدەداتەوە کە لە لایەنی خۆیەوە هەیە و (...) دیارنادات" [26]. کەواتە وێنە (وجودی) نییە، وێنە بریتییە لە نەبوون (هیچ) [27]. هۆی ئەمە لەوەدایە کە وێنەئۆبژێکت نە لە دەرەوەی ئاگایی و نە لەنێو ئاگاییدا هەیە؛ ئەوە کە جگە لە تابلۆیەک وەک شت (Ding)ی فیزیکی هەیە، "بریتییە (ist) لە ئاوێتەیەکی تایبەتیی شئورگەل کە لێڕوانەر لەکاتی لێڕوانینی تابلۆکەدا لەنێو خۆیدا موئایەشەی دەکات، هەروەها بریتییە لەو پێکهێنان و مەبەستە کە ئەو لەسەر بناغەی لێڕوانینەکەی خۆی بینایان دەکات و بەم ڕێیەشەوە لای ئەو ئاگایی وێنە دێتە ئاراوە" [28]. کەواتە شئورەکانی ڕەنگ و ناوەرۆکە دیارەکانی دیکە جارێ وێنە نین، بۆ نموونە جارێ هیچ شتێک لە جەستەیەکی سێڕەهەندیی تایبەت بە وێنەی دیاردەر لە خۆ ناگرن. وێنە تەنیا بۆ ئاگاییەکی وێنەخەرەوە وێنەیە.

لە هاتنەئارای وێنەئاگاییدا دوو پێکهێنان کاران کە سەربەخۆ نین لە یەکتری، بەڵکو لەنێو یەکتریدان و دوو بابەت دروست دەکەن: "وێنەئۆبژێکت کە دیاردەدات، هەروەها ئەو بابەتە (وێنەسوژێ) (...) کە بەڕێی وێنەکەوە دراوەتەوە" [29].

## 2.3- وێنەئاگایی وەک یەکێتیی دوو پێکهێنان

وێنەئاگایی پێکهێنانێکی تایبەتییە، ئاگاییەکی وێنەخەرەوەیە و وا دەکات کە ئێمە وێنەیەک ببینین. ئێمە لەم ڕوانگەیەوە دیاردەی دەرککردنمان نییە (دەرککردنی شتێک یان ڕووداوێک)، بەڵکو "دیاردەی وێنەمان هەیە، لێرەشدا بابەتێک لەسەر بناغەی شێوەی موئایەشەکراوەکان دیاردەدات کە وێنەییانە پێشبینیکراوە" [30]. کەواتە لە لایەک "بناغەی وێنە لە دەرککردندایە، لێ چواندنی وێنە ناگەڕێتەوە بۆ ئەم بناغەیە (ئاخر وێنە بەڕێی پێکهێنانەوە چواندنی هەیە)، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوون بە دەرککردنەوە" [31]. لەم ڕوانگەیەوە پێکهێنانێکی جووتەنی بنیاتنەری هەموو پەیوەندییەکی وێنەییە. لێ ئێمە لێرەدا دوو پێکهێنانمان نییە کە لەسەر یەکتری بیناکرابن، بۆ نموونە پێکهێنانی دەرککردنەکانی وێنەسوژێ ببێت بە بناغەیەک بۆ پێکهێنانی وێنەئۆبژێکت، بە پێچەوانەوە "پێکهێنانی نوێ پێکهێنانە کۆنەکە دەتەنێت و دەیهێنێتە نێو خۆیەوە" [32]، بەمەش "ئەدگارێکی نوێ بە پێکهێنانە کۆنەکە دەدات و پەیوەندییەکی نوێی بابەتی دەخاتەوە" [33]. ئێمە لە هەردوو پێکهێنادا بناغەدانمان هەیە کە تێیدا پێکهێنانی وێنەئۆبژێکت دەبێت بە بناغەیەک بۆ پێکهێنانی وێنەسوژێ، لێ گەر "ئاڕاستەوەرگرتنی وێنەئاگایی" وەربگرین، ئەوا "پەیوەندییەکان ئاوەژوو دەبنەوە"، چونکە ئێستا لەم ڕووەوە "وێنەئۆبژێکت لەژێر ڕکێفی وێنەسوژێدایە" [34].

گەر ئێمە وێنەی هۆشەکی وەربگرین، ئەوا دەبینین کە ئێمە لەم ڕەوشەدا دیاردەیەکی وێنەییمان هەیە و لەتەک جیهانی ڕیالدا یەکناگرێتەوە، چونکە بابەتی ڕیال کە لە وێنەدا دراوەتەوە، تەنیا بابەتێکی مەبەستلێبووە نەک ئامادە، لێ بە پێچەوانەوە وێنەئۆبژێکت وەک مەبەست بۆ لێڕوانەر هەیە و لەنێویدا شتێکی دیکەی کەم یان زۆر جیاواز لە خۆی، کەم یان زۆر لە خۆی چوو، کراوە بە وێنە. کەواتە ئێمە لە ڕەوشی ئەم وێنەیەی بابەتێکی ڕیالدا پێکهێنانێکی دیکەی ئۆبژێکتخەرەوەمان هەیە و بۆ چێکردنی بناغەیەک پێویستە، ئەم بناغەیەش بریتییە لە پێکهێنانی وێنەئۆبژێکت. لەم کردارەدا پێکهێنانێکی نوێ پێکهێنانە سەرەتاییەکەی تەنیوە، ئێستا "پترێک" لە پێکهێنان هەیە و تێیدا وێنەئۆبژێکت چێبووە. بۆ نموونە من وێنای کۆشکی بەرلین دەکەم، لێ مەبەستی من ڕووی نەکردۆتە وێنەی کۆشکی

بەرلین، واتا "لەنێو پێکهێنانی وێنەکەدا پێکهێنانێکی دیکە هەیە کە ئەدگارێکی نوێ بە پێکهێنانی وێنەکە دەدات و پەیوەندییەکی نوێی بابەتی دەخاتەوە. من لەو وێنەیەدا کە خودی کۆشکەکە نییە، لە کۆشکەکە دەڕوانم، وێنەکە کۆشکەکەم بۆ دەهێنێتە نێو ئامادەوە (پێشبینیی کۆشکەکە دەکات)، ئەوجا مەبەستی من تەنیا ڕووناکاتە وێنەئۆبژێکت، بەڵکو ڕوو لەوەش دەکات کە بەڕێی وێنەئۆبژێکتەوە وێنەدراوەتەوە (repräsentiert)، واتا شوبهێنراوە"[35]. ئێمە لێرەدا "دوو پێکهێنانمان هەن کە لەنێو یەکتریدان: پێکهێنانێکی سەرەکی کە لەنێویدا دیاردەیەکی کۆشک هەیە، لێ ئێمە بەم دیاردەیە وێنەییانە پێشبینیی کۆشکەکە لە بەرلین دەکەین؛ ئێمە کۆشکەکە وەک وێنەدەری هاوشێوەیی پێکدەهێنین"[36].

ئێمە هاوکات دەتوانین پرسی وێنە وەک ئەزموونێکی جووتەنی بە نموونەی وێنەی فیزیکی ڕوونبکەینەوە. من بۆ نموونە لە تابلۆیەک دەڕوانم کە وێنەی کەسێکە، لێ من لێرەدا ڕوو لەو کەسە ناکەم، بەڵکو تەنیا وەک کەسێک وەریدەگرم. کاتێک من پێشبینیی تابلۆکە دەکەم (لە واتای پێکهێناندا)، ئەوا پێشبینیکردنەکەم بابەتێکی نوێ چێدەکات، ئێستاش بۆم دەردەکەوێت کە پێکهێنانی تابلۆکە فێنۆمێنێکی ئاڵۆزترە لە پێشبینیکردنەکەی دەرککردن (ڕوانین). لەم پێشبینیکردنە وێنەییەدا دوو پێکهێنان هەن: پێشبینیکردنی تابلۆکە بریتییە لە وێنەی ئەندێشە کە دیاردەدات، پاشان خستنەوەی بابەتێکی نوێ (واتا بابەتی داڕێژراوی وێنەیی) کە بریتییە لە وێنەسوژێ. لێرەدا مەبەستلێبوونێک سەر بە پێشبینییە وێنەییەکەیە و ڕوودەکاتە بابەتی بەوێنەکراو، واتا ڕوودەکاتە ئەو کەسە کە پۆرترێکەی دروستکراوە. کەواتە وێنەی فیزیکی وێنەی هۆشەکی بێداردەکاتەوە، وێنەی هۆشەکیش بریتییە لە پێشبینیکردنی سوژێیەک — سوژێیەک وەک شتێکی دی. وێنەی بێدارکراوەی هۆشەکی بابەتێکی دیاردەرە، بۆ نموونە کەسێک کە لە وێنەدا دیاردەدات، سوژێش خودی کەسەکەیە کە مەبەستلێبوو نییە و نەشیاوە بەهۆی ڕەنگ و قەوارەی وێنەییەوە هەرگیز مەبەستلێبوو بێت، چونکە ڕەنگی ئەو کەسە بریتی نییە لە ڕەنگکراوی تابلۆیی، بەڵکو ڕەنگی ڕاستەقینەی سروشتییە. هەرگیز کەسی ڕیال وەک دووەمێک بەپاڵ وێنەی تابلۆوە دیارنادات[37].

وێنەئاگایی وەک یەکایەتی دوو پێکهێنان ئەو واتایە دەگەیەنێت کە "وێنەسوژێ ڕاستەخۆ (واتا بە نەگەیەنراوی = unvermittelt – ن) بەشدارە لە کرداری وێنەخەرەوە"دا، چونکە "وێنەسوژێ 'لەوبەر' وێنەوە نییە"[38]، بەڵکو پێشبینیی وێنەسوژێ دەچێتە نێو پێشبینیی وێنەئۆبژێکتەوە و بەمەش ئەدگاری وێنەئۆبژێکتی پێدەدات. (بڕوانە بەشی سێیەم، تەوەری یەکەم: ڕەخنەی تیۆریی ڕێپرەزەنتاسیۆن).

وێنەئۆبژێکت وێناکردنێکی دەرپەڕێنراوە/ وەدەرنراوە و لە لایەن وێنەهەڵگرێکەوە دەگەیەنرێت. تایبەتیی وێنەئۆبژێکت لەوەدایە کە ئەو بە کاریگەریی نێویەکیانەی لێڕوانەر و وێنەهەڵگر دێتەگۆڕێ، لێ سەرباری ئەمە سەربەخۆیە لە وێنەهەڵگر. هوسەرل پەیوەند بەم کێشەیەوە لە ناتەبایی (Widerstreit) دەدوێت کە لە نێوان وێنەهەڵگر و وێنەئۆبژێکتدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە لێڕوانەر دەتوانێت لە هەر یەکەیان سەربەخۆ لە ئەویدیکەیان بڕوانێت: خام یان وێنە. لێ هاوکات ناتەباییەک لەنێوان وێنەئۆبژێکت و وێنەسوژێدا هەیە: وێنەئۆبژێکت ناتەبایە بەو بابەتە کە دەشێت بەڕێی وێنەکەوە ڕووی تێبکرێت، وەک بۆ نموونە دیمەنی سروشتی کە قەوارە و ڕەنگی سروشتیی هەیە، یان ڕوخساری مرۆڤ لە فۆتۆگرافیدا کە جیاوازە لە ڕەنگی سروشتیی ڕوخسار.

لەم روانگەیەوە "وێنەئاگایی بریتییە لە ئەزموونی 'دوو-لەنێو-یەک'دا، بریتییە لە چنینی ئەزموونێکی ئاڵۆز (...). لەنێو وێنەئاگاییدا دوانەتییەک هەیە (هینی وێنەئۆبژێکت و وێنەسوژێ) کە نابێت وەک جیاکراوە لە یەک لێیان تێبگەین" [39]. بێگومان "ئەم یەکایەتییە ئیدێنتیتێ نییە"، بە پێچەوانەوە "وێنە فۆرمێکی ئاپۆریانەی/ بێڕێگەچارەی (aporetisch) 'یەکایەتی'" دەخاتەوە[40]. هوسەرل ئەم یەکایەتییە ناو دەنێت وێنەدانەوەی ناخەکی (immanente Repräsentation)

**3- ڕێپرەزەنتاسیۆن لە وێنەدا**

تێگەی ڕێپرەزەنتاسیۆن لە ترادیسیۆنی فەلسەفەدا، پابەند بە وێنەوە، واتای نوێنەرایەتیکردن ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەستی لە وێنەدانەوەی یان پیشاندانی شتێکی دەرەکییە. لێ هوسەرل بە

پێچەوانەوە وەک وێنەدانەوەی ناخەکی لێی تێدەگات، بە واتایەکی دی ببێژین: وێنەئاگایی پێکهێنانە، لێ هاوشێوەیی (Ähnlichkeit) بە زەرووری سەر بە وێنەئاگاییە، بەبێ ئەوەی پێکهێنان بگەڕێتەوە بۆ هاوشێوەیی، چونکە پێکهێنان کردارێکی ئۆتۆنۆمە. لەم ڕوانگەیەوە وێنەدانەوەی ناخەکی بەسەر خۆیدا ئاماژە بۆ شتی دەرەکی (بۆ شێرێکی ڕیال) نادات، بەڵکو بۆ خودی وێنەکە. لێ گەر بەم چەشنە لە وێنەدانەوەی ناخەکی تێبگەین، ئەوسا دەکەوێنە بەردەم "پرسی بەدیهاتن"ی ئەو وێنەدانەوەیە. واتا پێویستە وێنەدانەوەی ناخەکی "بریتی بێت لە ڕوانینێکی هەقیقی" [41] و تەنیا وەک ئەم ڕوانینە شیاوی بەدیهاتنە، بێگومان نەک کتومت لەو شێوەیەدا کە ئەو لەگۆڕێیە، بەڵکو دەبێت وەربگۆڕرێت بۆ "وێنەئاگاییەکی ئێستێتیکی". هوسەرل بە خەریکبوونی ڕەخنەیی لەتەک تیۆریی ڕێپرەزەنتاسیۆندا بناغەی وێنەئاگایی ئێستێتیکی دەڕێژێت.

**3.1- ڕەخنەی تیۆریی ڕێپرەزەنتاسیۆن**

بە دیدی هوسەرل وێنەئۆبژێکت بریتی نییە لە وێنەدانەوەی بابەتە ڕیالەکان، بەڵکو بریتییە لە ئۆبژێکتی دیاردەر وەک وێنەدەری (Repräsentant) وێنەسوژێ. لێ ئەوە کە هوسەرل ناوی دەنێت وێنەئۆبژێکت، لە تیۆریی ڕێپرەزەنتاسیۆندا (وێنەدانەوەدا) وەک هێما دادەنرێت، واتا مرۆ پەیوەندییەکی ڕێژەیی لە نێوان دوو تەوەرەدا وەردەگرێت کە بەرێی هێماوە پەیوەندی بە یەکترییەوە دەکەن، لێرەشدا ئۆبژێکتی دیاردەر چواندنی بۆ خۆی نییە، بەڵکو وەک وێنەدەر چواندنی بۆ شتێکی دیکە هەیە کە هاوشێوەیەتی یان لە ئەو دەچێت.

هوسەرل لەدژی تیۆریی ڕێپرەزەنتاسیۆن جەخت دەکات کە وێنەئۆبژێکتی دیاردەر شیاوی لێڕوانینە بەبێ ئەوەی پێویست بێت بەرێی لێڕوانینەوە بکرێت بە هێما: "بێگومان ئەم دیاردەیە دروست بووە، سەرەڕای ئەمە هێشتا پەیوەندییەک بە وێنەسوژێوە دروست نەبووە" [42]. کەواتە هوسەرل مەغزا یان ناوەڕۆک بە وێنەدانەوە نادات، نەخێر، "ئەو دەیەوێت پێگەیەکی ئۆنتۆلۆژیانەی تایبەتی بە دارشتنی

نێو وێنە بدات: ئەو وەسفی داڕشتنەکە دەکات وەک بابەتێکی تایبەتی کە لە وێنەدا دیاردەدات"، لێ ئەوە کە دیاردەدات، بابەتێکی ڕیال نییە [43] و ئەوجا پرسیار لەبارەی مەغزاکەی لە وێنەدا بکەین. بە واتایەکی دی، لە وێنەدانەوەی ناخەکیدا ئاماژە بۆ خودی وێنەکە دەدرێت نەک بۆ بابەتێک کە نامۆیە بە دیاردەر. بێگومان هوسەرل نکۆڵی لەوە ناکات کە لە وێنەدانەوەی ناخەکیشدا ئاماژە بۆ بابەتێکی دی دەدرێت، لێ بابەتێک کە لە وێنەدا دەرکەوتووە. بە واتایەکی دی: وێنە لەنێو خۆیەوە ئاماژە بۆ بابەتەکە دەدات، لێ ئەم بابەتە دەرەکی نییە، بەڵکو "بریتییە لە (...) هاوشێوەکەی وێنەی ئەندێشە" [44].

هوسەرل بە جیاوازیکردن لە نێوان وێنەهەڵگر و وێنەسوژێ و وێنەئۆبژێکتدا "ئامرازێک دەخاتە بەردەم کە بەتایبەتی جەخت لە ساتی بینین دەکات. لێڕوانەر لە ڕوانگەی فێنۆمێنۆلۆژییەوە وەرگری وێنەیە"، واتا دەیبینێت. ئەم گریمانەیە تەواو پێچەوانەی تیۆریی هێمایە کە گرنگی بە ساتی بینین نادات، بەڵکو ئاگاییەک وەک ڕاڤەکەری وێنە وەردەگرێت. لە بنەڕەتدا هێما تەنیا کاتێک دێتەگۆڕێ، گەر ئاگاییەک بیخوێنێتەوە: "هێما دەبێت بە هێما، گەر لە لایەن ئاگاییەکەوە وەک هێما راڤە بکرێت، کەواتە واتاکەی تەنیا لە خودی هێماکەوە ناکەوێتەوە، بەڵکو هێما دەیەوێت وەک هێما بخوێنرێتەوە" [45]. لێ مرۆ لە ڕەوتی خوێندنەوەدا ناچارە شوێن ڕێسایەک بکەوێت کە "دەرفەت نادات دەرک بکرێت. ئاخر مرۆ ئەوپەڕی دەتوانێت بە بینین ئەزموونی ڕێسا بکات، بۆ نموونە وەک ڕێسای چەسپێنراو بە وشە" و پاشان لەسەری بڕوات. "تیۆریی هێما لە هێما و لە ئەمیشەوە لە وێنە ئامرازێک تێدەگات کە لە خزمەتی دانەوەی مەغزا و دانی مەغزادایە بە کەسانی دی. هێما بەندە بە ڕێکخراوێکی پێشدراوەوە کە تەنیا ڕێ بەوە دەدات لە لایەن ئاگاییەکی راڤەکەرەوە بناسرێتەوە، لێ بە هیچ شێوەیەک ڕێ بە ناسینی شتی نوێ نادات" [46]، بۆ نموونە لە لایەن ئاگاییەکەوە کە وێنەئۆبژێکتی وەک هاوبەند لەخۆگرتووە. وەک گوتمان، وێنەهەڵگر بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی وێنەئۆبژێکتێک پیشان بدرێت، لێ لەبەر ئەوەی وێنەئۆبژێکت بەسەر خۆیدا ئاماژە بۆ هیچ شتێکی دەرەکی نادات، ئەوا هیچ مەغزایەکی نییە لە واتای هێمادا، بە پێچەوانەوە بریتییە "لەو ئۆبژێکتە کە وەسف دەکرێت، بۆیە هەمیشە ئۆبژێکتە بۆ کەسێک. ئێمە دەتوانین ببێژین کە وێنەئۆبژێکت فێنۆمێنە لە وێنەدا. وێنەئۆبژێکت تەنیا

ئەو کاتە هەیە کە کەسێک لە وێنەهەڵگر دەڕوانێت، چونکە وێنەئۆبژێکت ئەوەیە کە لە لایەن لێڕوانەری وێنەوە مەبەستە، کەواتە ئۆبژێکتێکی مەبەستەکییە" [47].

## 3.2- وێنەئاگایی ئێستێتیکی

بەدیدی هوسەرل تەنیا وێنەئاگایی ناخەکی "ڕۆڵێک بۆ ڕوانینی ئێستێتیکی لە وێنە دەگێڕێت" [48]. لەم ڕوانگەیەوە هوسەرل وێنەئاگایی هێمایی کە بەسەر خۆیدا ئاماژە بۆ شتی دی دەدات، بە ئاگاییەکی ئێستێتیکی دانانێت. لێ لەبەر ئەوەی هوسەرل هاوکات بۆ ڕوانینی ئێستێتیکی لە وێنە جەخت لە "ڕۆڵ"ی وێنەئاگایی ناخەکی دەکات، ئەوا "وێنەئاگایی ئێستێتیکی هاوتا نییە بە وێنەئاگایی ناخەکی، بەڵکو لای هوسەرل وەرگۆڕینی/ هەموارکردنەوەی (مۆدیفیکاسیۆنی) وێنەئاگایی ناخەکییە" [49]. هۆی ئەمە لەوەدایە کە وێنەئاگایی ناخەکی ناتوانێت لە شێوەی هاتنەئارایدا گەرەنتی بە پرسی بەدیهاتن بدات وەک "ڕوانینێکی هەقیقی"، بۆیە دەبێت بکرێت بە ڕوانینێکی ئێستێتیکی لە وێنە، واتا ڕوانینێک کە "تەنیا شێوازی بەوێنەکردن (Verbildlichung) بەهەند وەردەگرێت" [50].

ڕوانینی ئێستێتیکی لە وێنە ڕوانینێکی هەمەکییە (تۆتالە) نەک دابەشێنەر. مرۆ لەم ڕەوشەدا دەیەوێت لە ئەدگارە ناخەکییەکانی وێنەئۆبژێکت بڕوانێت، لێرەشدا بێگومان دەرفەتی گەمەی ڕوانینی هەیە: "وێنە لە ڕوانینی ئێستێتیکیدا دەشێت بە چەشنێک کارا ببێت کە ئیدی پێشبینییەکی نوێ چالاک ببێت و سوژێ یان هەر پێکهاتەیەکی سوژێ بکات بە لێڕوانینێکی پڕتر، بۆ نموونە بیکات بە ڕەنگێکی گونجاوتر"، کە ئیدی "کاتێک ئێمە لە وێنەکانی پاولۆ ڤێرۆنێزە دەڕوانین، هەست دەکەین خراوینەتە نێو ژیان و سەفای پرشنگداری توێژە باڵاکانی ڤینیسیای سەدەی شازدەیەمەوە، یان کاتێک لە دارهەڵکۆڵینە پڕسۆزەکانی دیوڕەر دەڕوانین، ئیدی ڕازاندنەوەی دیمەن و مرۆڤی ئەڵمانی دەبینین". بێگومان وێنەئۆبژێکت لەم گرنگیدانەی لێڕوانەردا بەشدارییەکی کرۆکیی هەیە، چونکە گرنگیدانەکە لە

سوژێ وردنابێتەوە، "بەڵکو بەردەوام بۆ لای وێنەئۆبژێکت دەگەڕێتەوە، لە ناخەوە خۆی پێوە هەڵدەواسێت و چێژ لە شێوازی بەوێنەکردنەکەی دەبینێت" [51].

لەبەر ئەوەی وێنە سوژێیەک ناداتەوە، ئەوا ڕوانینی ئێستێتیکی لە وێنەئۆبژێکت هەمیشە "شوێنێکی دی" نەک شوێنە ڕیالەکەی سوژێ ئاشکرا دەکات. "ئەم ڕەهەندە نوێیەی هاوشێوەیی بەند نییە بە (...) ئاسۆی ناخەکیی دیاردەوە، بەڵکو ئاسۆ دەرەکییەکەی (...) دەگرێتەوە. لە هەموو ڕەهەندە شیاوەکانی هاوشێوەییدا (وەک وێنەی ئاخڤەر، بزۆک، ڕەنگین، تەنانەت سینەما، یان وێنەی هاوقەوارە پەیوەند بە دیاردە سروشتیەکەیەوە)، وێنە لە ڕووی پەیوەندیی فەزاییەوە وەک 'بە شوێن نەگونجاو' (deplatziert) دیاردەدات" [52]. لەم ڕوانگەیەوە وێنە سەربەخۆیە لە هەر یاسایەکی تایبەت بە شوێنێکی دیاریکراو. دیاردەی وێنەیی هەموو بابەتەکان لە کۆنتێکستە (سیاقە) سروشتییەکەیان دادەبڕێت [53]. لێرەدا بەڕوونی هەڵوێستی دژبەری هوسەرل بەرانبەر تیۆرییەکانی وێنەدانەوەی جیهانی دەرەکی و پەیوەندییە ڕیالەکان ڕووندەبێتەوە. بۆ نموونە وێنەی بزۆک (سینەما) جیهانێکی دیاردەییە بۆ خۆی و نەشیاوە لێڕوانەر بتوانێت تێیدا شوێنێکی تایبەتی لە جیهانی ریالدا ببینێت و راڤەی بکات، یان ڕووداوەکانی نێوی بگەڕێنێتەوە بۆ ڕووداوە ریالەکان، جا گەر تەنانەت ئەو وێنەیە لە هەندێک ڕووەوە هاوشێوەیان بێت یان کەرەسەکانی لە ڕووداوی ریالەوە وەرگیرابن. "وێنەکانی ئەنفال" بۆ خۆیان جیهانێکی دیاردەیین "لە دەرەوەی ئەنفالی ریال"؛ وێنەکانی "مەلایەکی خراپ" لە فیلمێکدا تەنیا لەنێو پەیوەندیی وێنەییدان و هیچ پەیوەندییەکیان بە پیاوانی ڕیالی ئاینییەوە نییە؛ وێنەی زاتێکی پیرۆز، پێغەمبەرێک، هیچ پەیوەندییەکی بە کەسێکی وەک پیرۆز پێشبینیکراوی ڕیالەوە نییە.

### 4- ئەزموونی ئێستێتیکی

تیۆریی وێنە لای هوسەرل دەمانخاتە بەردەم پرسیاری وەرگرتنی (Rezeption) هونەر وەک ئەزموونێکی ئێستێتیکی، لێرەشدا گەرەکە لە واتایەکی جووتەنیدا لە تێگەی وەرگرتن تێبگەین: وەک

ڕوانین یان خوێندنەوە یان بیستنی هونەر لە لایەک، هەروەها توێژینەوە لە دیاردە هونەرییەکان لە لایەکی دی.

بە دیدی هوسەرل هونەر جیهانی ئەندێشەی فۆرمێنراوە، تەنیا کارایی وێنەی هەیە لە مەغزای وێناکردنی ڕاستەوخۆدا. هونەر کە واتای "هونەری ئێستێتیکیی پەتی" دەگەیەنێت، گەرەکە دۆخە ناخەکیەکانی وەرگر بەرزبکاتەوە بۆ نێو کایەی جوانیی ئێستێتیکی، بیخاتە نێو "دۆخی لێڕوانینی (...) ئێستێتیکیانەی پەتییەوە" [54]. لێ پێشمەرجی ئەم شێوەیەی ئەزموونکردنی هونەری ئەوەیە کە لێڕوانەر، هاوشێوەی فێنۆمێنۆلۆژ کە خۆی لە هەر بڕیارێک بەسەر جیهانی دەرەکیدا بەدوور دەگرێت، گرنگیدانی ڕۆژانەیی خۆی لەکاربخات بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئەزموونی ئێستێتیکی بگات.

هوسەرل جەخت دەکات کە لە هونەردا، بۆ نموونە لە نمایشکردنی شانۆییدا، تەنیا پەیوەندیی دیاردەیی هەیە، بۆیە "ئێمە پەیوەست بە لێڕوانراوەوە هیچ هەڵوێستێکی ڕیال وەرناگرین. سەرجەمی ئەوە کە لەوێدا بە شت و کەسانەوە ڕوودەدات، سەرجەمی ئەوە کە دەگوترێت یان دەکرێت و هتد، کارەکتەری 'ڕەنگەیەتی' (Als-ob)ی هەیە" [55]. لەم ڕوانگەیەوە لێڕوانەر ئەزموونێکی گشتگیری هونەریی دەکات و تێیدا جیهانێکی فۆرمێنراوی هونەری 'دەبینێت'. کاتێک ئەو گشتگیرانە دەڕوانێت، ئەوا لە ڕوانینیدا نەک تەنیا ئەکتەرەکان، بەڵکو تەنانەت کوالیس و مۆبیلەی تەختەیی و هتد "'تەمسیل' دەکەن، ئەوان سەراپا لەوێن بۆ ئەوەی ئێمە بخەنە نێو دۆخی ئەندێشەی هونەرییەوە" [56]. ئاخر مۆبیلەکان چیدی "مۆبیلەی ڕیال نین لە خزمەتی شتێکدا، بەڵکو مۆبیلەن لە ژووری سەرۆک و هتد، کەواتە مۆبیلەی ئەندێشەیین، کەواتە ئەوانیش دیاردەن (Schein) و جیاوازن لە جیهانی ڕیال، واتا لە جیهانی مۆبیلە ڕیالەکان. ئاخر مۆبیلە بابەتێکی بەکارهێنانە و وەک ئەمە لەنێو ژووردا کاراییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لێ ئەو ژوورەی سەر شانۆ بریتییە لە ئەندێشەیەکی نمایشکراو بەڕێی ناتەباییەوە، هەروەها ئەو بەکارهێنانە کە مۆبیلەکان دەخرێنە ژێر ڕکێفییەوە و هەر بۆ ئەوەش لەوێن، بەڕێی ناتەباییەوە تەنیا بەکارهێنانێکی (...) نمایشکراوە لەنێو ئەندێشەدا، واتا بەکارهێنان بۆ کەسانی ئەندێشەیی کە لەسەریان دادەنیشن و هتد، لێ دانیشتنێک کە هەقیقی نییە، بەڵکو دانیشتنێکی ئەندێشەییە، جا گەر تەنانەت ئەکتەرەکە بەڕاستی دابنیشێت" [57]. بێگومان مەبەستی

هوسەرل لەم هەڵوێستە ئێستێتیکییە پەتییە ئەوە نییە کە لێڕوانەر هەستی نەبێت، بۆ نموونە خەفەت نەخوات یان شادمان نەبێت، لێ سەرباری ئەوە هەڵوێستی لێڕوانەر ڕوودەکاتە جیهانێکی ئەندێشەیی و دەزانێت ڕووداوەکان هیچ سوژێیەک وێنە نادەنەوە.

وەرگرتنی هونەری، بە پێچەوانەی ئەفراندنی هونەری کە لە ئازادیدا و پابەند بە ئیدیالی ئێستێتیکییەوە چالاک دەبێت، ئازاد نییە، بەڵکو وێناکانی "وەک ڕێنوما" بەسەردا سەپێنراون [58]. بۆ نموونە خوێنەری (توێژەری) چیرۆک ناچارە لەنێو ئەندێشەیدا ئەو جیهانە وێنەییە بهێنێتەوە گۆڕێ کە لە چیرۆکەکەدا ئاوەڵاکراوە، ئەمەش بەڕێی زنجیرەی دەرککردنەکانیەوە ئەنجام دەدات، واتا ئەو دەرککردنانە کە لە ناتەبایی بەردەوامی دەرککردندا (لە نێوان وێنەئۆبژێکت و وێنەسوژێی داڕێژراودا) سەرهەڵدەدەن.

لەم پەیوەندییەدا، لایەنی کەم پەیوەند بە وێنەی ئاخڤەرەوە، گونجاو دەبێت گەر ڕووبکەینە فەلسەفەی فێنۆمێنۆلۆژیانەی زمان لای هوسەرل، چونکە هەڵوێستی توێژەر لە فەلسەفەی زماندا هاوشێوەی هەڵوێستی توێژەرییە بەرانبەر ئەم جۆرەی دیاردە هونەریەکان. هوسەرل لە فەلسەفەی زماندا جیاوازی لە نێوان دوو تەوەری فیزیکی و پسیکۆلۆژیانەی واژەدا دەکات، واتا لەنێوان وشەی دەربڕاو یان تۆمارکراو لە لایەک، ئەوجا مەبەستی دەربڕاو لە لایەکی دی، لەم پەیوەندییەشدا فێنۆمێنۆلۆژی تەنیا گرنگی بە مەبەستی دەربڕاو دەدات، چونکە بە دیدی هوسەرل کرداری دەربڕین گەیاندنی مەبەستێکە بە دەسوێژی وشە. لە کرداری مەبەستەکیدا بابەت بەڕێی لێڕوانینەوە وەک بابەتی هەنووکەیی یان وەک بابەتی هێنراو بۆ نێو ئامادە (پێشبینیکراو) دیاردەدات، لێرەشدا کرۆکە مەبەستەکییەکە کارایی مەغزاخستنەوەی هەیە. هاوشێوەی ئەمە چیرۆکی چاپکراویش 'مەغزا'ی تایبەتیی لەخۆگرتووە، لێ ئەو مەغزایانە داپۆشراون. ئەرکی توێژەر ئەوەیە کە هەڵوێستی سروشتیی خۆی، واتا دەرککردنی پسیکۆلۆژیانەی بابەتەکە، لەکاربخات، بۆ ئەوەی جیهانی فۆرمێنراوی هونەری لە هەڵوێستێکی فێنۆمێنۆلۆژیانەدا دەرکبکاتەوە، ئەوجا گەر هەوڵ بدات وەسفی ڕەوتی کردار و کارەکتەر و مۆتیڤی کەسایەتییەکان و هتد بکات، ئەوا سەرەتا مەغزای کردار و کارەکتەرەکان شرۆڤە دەکات و شرۆڤەکانی بە گۆتە (مەقولە) دەردەبڕێت، لێرەشدا بڕیارەکانی (ڕستەکانی) تەنیا ڕوودەکەنە وێنەی فۆرمێنراو،

کەواتە بڕیار نین بەسەر کەرەسەیەکی (سوژێیەکی) فۆرمێنراوی هونەریدا، بەڵکو بڕیاری ڕەنگەیین بەسەر کەسان و کرداردا. لێ گەرچی ئەم گۆتانە ئەدگاری ڕەنگەییان هەیە، سەرەڕای ئەمە، وەک هوسەرل جەخت دەکات، ڕاستییەکی تایبەتییان لەخۆ گرتووە، چونکە گۆتەکان لەو جۆرە دەربڕینانە تێپەڕدەکەن کە لە هەڵوێستێکی سروشتییەوە لەنێو ئەندێشەدا بەرهەمدەهێنرێن. بڕیارەکان بەسەر بابەتگەلی ئەوتۆدا دەدرێن کە وەک هاوبەندی نۆئێمیی لەنێو ئاگاییدا دراون.

لەم روانگەیەی تیۆریی وێنەی هوسەرلەوە ئێمە لە ئەزموونی ئێستێتیکییانەی هونەردا گرنگیدانی پراکتیکیمان نییە، بە پێچەوانەوە گرنگیدانمان ڕوودەکاتە 'لێڕوانراو' و وەسفکردنی. "بەها"ی کاری هونەری تەنیا لەم شێوازەی بەدیهێناندایە. جارێکی دی دووپاتی دەکەینەوە: داڕشتنی وێنەیی، وێنەسوژێیەک وەک بابەتێکی دی دەهێنێتە ئاراوە، لێرەشدا "پەیوەندیی ڕاستەوخۆ دیاری نێوان وێنەسوژێ و وێنەئۆبژێکت دەرفەت بۆ توێژەر دەڕەخسێنێت کە لە پرۆسەی توێژینەوەدا گەورەترین بەرجەستەکردنی شیاو ئەنجام بدات. کاتێک توێژەر وێنەسوژێ و وێنەئۆبژێکت بەیەک دەگەیەنێت، ئیدی لەم کارەیدا دەتوانێت تا زۆرترین ڕادە هەر هەوڵێکی ڕاڤەکارانە پشتگوێ بخات" (59).

سەرباری ئەم ئینجازە مەزنەی تیۆریی فێنۆمێنۆلۆژیانەی وێنە هێشتا هەر پرسیارێک بە کراوەیی دەمێنێتەوە کە ڕوو دەکاتە کارایی هونەر بۆ هەڵوێستی تاکەکەس لەنێو جیهاندا. پەیوەند بەم پرسیارەوە پێویستە سەرەتا ئاماژە بۆ هەقیقەتێک بدەین: هوسەرل گۆڕانی نەدا بە "ئێستێتیکێک" (ئەم کارە ئینگاردن ی شاگردی ئەنجامی دا)، ئەمەش پێدەچێت نەشیاو بووبێت، چونکە ئامانجی هوسەرل فێنۆمێنۆلۆژییەکی ترانسسێندێنتال بوو، واتا فێنۆمێنۆلۆژییەک کە "بابەت بەگشتی" مسۆگەر بکات، بەمەش نەک تەنیا ببێت بە مێتۆدی توێژینەوەی فەلسەفەیی، بەڵکو ببێت بە مێتۆدی تاکە زانستەکانیش. ئاشکرایە کە هەر زانستێک بابەتێکی بە خۆتایبەتمەندی هەیە، لێ بەهۆی دیاریکردنی فێنۆمێنۆلۆژیانەی "بابەت بەگشتی"یەوە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت کە فێنۆمێنۆلۆژیانە لە بابەتە تایبەتییەکەی بتوێژێتەوە. هاوکات پەیوەند بە وەرگرتنی هەڵوێستێکی فێنۆمێنۆلۆژیانەوە لەبارەی وێنە دەتوانین ببێژین: ئەم جۆرە وەرگرتنەی هونەر کە بینین و وەسفکردنی وێنەیە، دەشێت بەدوورمان بگرێت لە هەوڵی بێواتای ڕاڤە و خوێندنەوە، کە هەمیشە کورت دەهێنن، چونکە نەشیاوە ئاگایی

بتوانێت وێنەدانەوەیەکی کتومتی هەر ڕیالێتییەک لە هونەردا ببینێتەوە. جگە لەوە هەوڵەکانی راڤە و خوێندنەوە دەشێت (پەیوەند بە هەندێک ناوچەی کولتوورییەوە) لە جیهانبینیی تایبەتییەوە ئەنجام بدرێن، بەمەش ببن بە داواکاری یان بە پاڵهێز بۆ یاساغکردنی وێنەی نەخوازراو لە روانگەی ئیدیۆلۆژی یان ئایینییەوە.

## پەراوێز

1) ئێدموند هوسەرل 1859/4/8 لە پروسنیتس (مێرن) هاتە جیهانەوە، ساڵی 1868 لە ڤیین دەچێتە بە خوێندن، ساڵی 1876 لە زانکۆی لایپتسیگ وەردەگیرێت و بەشەکانی خوێندنی بریتی دەبن لە: ئەستێرەناسی، ماتماتیک، فیزیک و فەلسەفە. ئەو ساڵی 1881 بە توێژینەوەی "هەوڵێک لە تیۆریی ژمارەدا" دکتۆرا دەکات، پاشان لەژێر کاریگەریی تۆماس گ. مازاریک روو لە فەلسەفە دەکات و لە 1883 هەتا 1886 لە لای فرانتس برێنتانۆ فەلسەفە دەخوێنێت. دوای ئەوە لای کارل شتومپف کە خوێندکارێکی برێنتانۆ بوو، بە توێژینەوەی "لەبارەی تێگەی ژمارە" (ساڵی 1887بڵاودەبێتەوە) هابیلیتاسیۆن دەکات. هوسەرل ساڵی 1906 لە زانکۆی گوێتینگن دەبێت بە پرۆفیسۆر، دەرنگتر ساڵی 1916 لە زانکۆی فرایبورگ کورسیی فەلسەفەی پێدەدرێت، لێ لەبەر ئەوەی هوسەرل بە ڕەچەڵەک جوولەکە بوو، ئەوا رژێمی نازی ساڵی 1936 مۆڵەتی وانەبێژیی لێدەسێنێتەوە. هوسەرل لە 1937/4/27 جیهان جێدەهێڵێت.

نووسینە بەواتاکانی دیکەی هوسەرل بریتین لە: "فەلسەفەی زانستی حساب" (1891)، "توێژینەوە لۆگیکییەکان، بەشی یەکەم: رێبەرییەک بۆ لۆگیکی پەتی" (1900)، "توێژینەوە لۆگیکییەکان، بەشی دووەم: توێژینەوە لەبارەی فێنۆمێنۆلۆژی و تیۆریی مەئریفە" (1901)، "فەلسەفە وەک زانستی حاسم" (1911)، "ئێدێی فێنۆمێنۆلۆژیی پەتی و فەلسەفەی فێنۆمێنۆلۆژیانە" (1913)، "فەلسەفە لەنێو تەنگژەی مرۆڤایەتیی ئەوروپیدا" (1936)، "هزرینە کارتێسییەکان" (1950).

2) Husserl, Edmund: Logische Untersuchungen, Zweiter Band, 1. Teil. Untersuchungen zur Phänomenologie und Theorie der Erkenntnis, hrsg. v. U. Panzer, 1984. Husserliana Band XIX 1. S. 9 (LU II, 1).

3) LU II/1, S. 380.

4) بڕوانە بەشی ئایندە.

5) LU II/1, S. 427.

6) Husserl, E: Ding und Datum. Vorlesungen 1907, Hrsg. U. Claesges1973. Husserliana Band XVI. S. 14.

7) Husserl, Edmund: Ideen zu einer reinen Phänomenologie und phänomenologischen Philosophie. Erstes Buch, hrsg. V. W. Biemel1950, Husserliana Band III. S. 221 f.

8) LU II/1, S. 45f.

9) Ebenda, S. 399.

10) Ebenda, S. 397.

11) Ebenda, S. 399.

12) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein. Herausgegeben und eingeleitet von Eduard Marbach. Texte aus dem Nachlass, Bd. XXIII. Hamburg 2006. S. 12.

13) Ebenda, S. 7.

14) Ebenda, S. 13.

15) Ebenda, S. 18.

16) Ebenda, S. 18.

17) Ebenda, S. 19.

18) Ebenda, S. 20.

19) Ebenda, S. 20.

20) Simmel, George: Der Bilderrahmen. Ein ästhetischer Versuch, in: Georg Simmel, Aufsätze und Abhandlungen 1901–1908, Band 1, Georg-Simmel Gesamtausgabe Band 7, Herausgeber: Kramme, R., Rammstedt, A. und Rammstedt, O., Suhrkamp, Frankfurt a.M., 101–108, 1995[1902]. (zit. n. Dirksmeier, P.: Der Husserlsche Bildbegriff als theoretische Grundlage der reflexiven Fotografie: Ein Beitrag zur visuellen Methodologie in der Humangeografie. www.soc-geogr-discuss.net/2/1/2006/ ).

21) LU II/1, S. 436.
22) Seemann, Hans Jürgen: Zur Phänomenologie des Bildes im Anschluß an die Untersuchungen E. Husserls. Urn:nbn:de:hbz:468-20070839. S. 81.
23) Wiesing, Lambert: Artifizielle Präsenz. Studien zur Philosophie des Bildes. Frankfurt/Main 2005. S. 70.
24) Ebenda, S. 46.
25) Dirksmeier, P., a.a.O., S. 8.
26) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein. S. 23.
27) Ebenda, S. 23f.
28) Ebenda, S. 24.
29) Ebenda, S. 26.
30) Husserl, Edmund: LU II/1, S. 399.
31) Seemann, Hans Jürgen, a.a.O., S. 55.
32) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein, S. 32.
33) Ebenda, S. 26.
34) Seemann, Hans Jürgen, a.a.O., S. 92.
35) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein. S. 26.
36) Ebenda, S. 29.
37) بڕوانە:
Ebenda, S. 31.
38) Seemann, Hans Jürgen, a.a.O., S. 94.
39) Ebenda, S. 88f.
40) Ebenda, S. 89.
41) Ebenda, S. 98.
42) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein. S. 28.
43) Wiesing, Lambert, a.a.O., S. 30.
44) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein. S. 19.
45) Trabant, J.: Zeichen, in: Vom Menschen. Handbuch Historische Anthropologie, Herausgeber: Wulf, C., Beltz, Weinheim/Basel 1997. S. 630.
46) Dirksmeier, P., a.a.O., S. 10.
47) Wiesing, Lambert, a.a.O., S. 30 f.
48) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein, S. 38.
49) Seemann, Hans Jürgen, a.a.O., S. 100.
50) Ebenda, S. 100.
51) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein, S. 39.
52) Seemann, Hans Jürgen, a.a.O., S. 114.
53) Ebenda, S. 115.
54) Husserl, Edmund: Phantasie und Bildbewusstsein, S. 212.
55) Ebenda, S. 212 f.
56) Ebenda, S. 213.
57) Ebenda, S. 215 f.
58) Ebenda, S. 216.
59) Dirksmeier, P., a.a.O., S. 11.